# چەپ لە وڵاتی دەست بچوکە عەقڵ گەورەکاندا ( ژاپۆن)

عەلی مەحمود محەمەد



ڕۆژانە گوێ بیستی ناوی یابان دەبین , یاخود **made in japan** دەخوێنینەوە , لە ڕێگەی بەرهەمی پێشکەوتووی پیشەسازییەوی تەکنلۆژیاوە . ژاپۆن دووەم هێزی ئابوری و پیشەسازی و تەکنەلۆژی جیهانییە , لە هەندێك بواردا یەکەمە . لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا موعجیزەی یابانی باوەشێنی زۆر دڵی دەکرد , لێ لە کۆتایی نەوەدەکانەوە خۆری موعجیزەی ژاپۆنی لە ئاوا بوونە . بەلاَم لە ڕوی سیاسییەوە لە دوای بۆردومانی هیرۆشیماو ناکازاکییەوە , ئەو ئیمپراتۆرەی کە تا ئاستی خواوەند بەرز کرابووەوە کرا بە مرۆڤ , بانگردنی ئیمپراتۆر لە لایەن دەسەلاَتدارییەتی ئەمەریکاوە کۆتایی بوو بە ئایدۆلیژییای ناسیۆنالستی ژاپۆنی ئەمە سەرەتای هەرەسی سیاسەت بوو لەم وڵاتە لە بەرامبەر ئابوری .

پاش ئەوی ژاپۆن ئازادی ڕوکەشی لە ساڵی **1952** وەرگرت , دوای **7**ساڵ لە داگیرکاری ڕاستەوخۆی سەربازی , کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ژاپۆنییەکان سێ یەکی فەرەنساو ئینگلتەرە بوو , بەلاَم لە حەفتاکاندا بەرهەمی نەتەوەیی ژاپۆن بووە دوو ئەندازەی ئینگلیز و فەرەنسییەکان پێکەوە , لە ساڵی **1990** دا **6** بانکی ژاپۆنی لە یەکەمەکانی **10** بانکە گەورەکەی جیهان بوو ( اهرام **5-10-2005**) , وەلێ لە ڕوی سیاسییەوە ژاپۆن ڕۆڵی لاوەکی و پەراوێزی هەیە , وتەیەکی بەناوبانگی شارل دیگۆل هەیە دەڵێت : ژاپۆن هیچ نییە جگە لە دەست فرۆشێکی گەڕۆکی ترانستۆر .

هەموو خۆئامادەکارییەکی تەکنەلۆژی و ئابوری و مرۆیی هەیە بۆ ئەوەی لە چاوتروکانێکدا ببێتە هێزێکی سەربازی زەبلاحی خاوەند چەکی ناوکی لە جیهاندا , ئەمە خەیاڵێکە ناسیۆنالستە ژاپۆنییەکان شەو ڕۆژ خەونی پێوە دەبینن , تا ئابڕوی تکاوی ڕابردوویان بگەڕێننەوەبۆ نەتەوە , ناردنی سوپا بۆ عێراق هۆیەکە بۆ گەیشتن بە خەونە .

تا سەرەتای نەوەدەکان , ئەزموونی ئابوری ژاپۆنی , نموونەی چاولێکەری ئابوری سەرکەوتوو و جێگای سەرسوڕمانی گەشەی ئابوری بوو بۆ زۆر لە وڵاتانی تازە پەرەستێن , بەلاَم ئەستێرەی ژاپۆن لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لە ئاوا بوونە , ئابوریەکەی لە کۆتایی دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردووەوە لە قۆناغی مت بوون و پوکانەوەی درێژخایەنی بەردەوامە.

## کورتەیەك لەسەر ژاپۆن

ژاپۆن ڕوبەری خاکەکەی**337,835** کم**2**, زەوی کشتوکاڵی **12,13**٪ کۆی زەوی ئەم وڵاتە پێك دەهێنێت , ژمارەی دانیشتووانی لە یۆلی ئەمساڵ **127,333**ملیۆنە , ڕێژەی گەشەی دانیشتووان ساڵانە **0.02**٪ یە (( دانیشتوان لە کەمبونەوەدایە هەر ژنێك ڕێژەی **1,29** مناڵی دەبێت _ **جزیرة نیت 2-10-2005 الشباب الیابانی .. ازمة هویة))** .

دانیشتوانی ئەم وولاتە**99**٪ی ژاپۆنین , لە پاڵ ژمارەیەك کەمی چینی و کۆری و بەرازیلی و فلیپینی .

ئاستی گەشەی مرۆڤ **9** یەم وڵاتە لە ئاستی جیهانیدا , لە ماوەی **5** ساڵی ڕابردوودا لە ساڵی **1998-2003** ئەم پلەیەی پاراستووە . ساڵی **2003** بەرهەمی نەتەوەیی ژاپۆن بە دۆلار **4,326,444** ترلیۆن دۆلار بوو . بە پێوەری بەرهەمی نەتەوەیی بە دۆلار دووەم وڵاتە لە جیهاندا , لێ بە گوێرەی هێزی کڕینەوە سێیەم وڵاتە پاش ولاتە یەکگرتووەکان و چین .

لە ڕوی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بازاڕی پشك و دراوو و سستەمی بانك و ژێر خانی ئابورییەوە لە دوای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە دێت , لە کۆی **720000** مرۆڤی دەسکرد لە جیهاندا کە کاری پێدەکرێت , **410000**یان لە یابانە , بەمەش یەکەم وڵاتە لە جیهان لە بواری بەکارهێنانی ڕۆبۆت .

هەرچەندە خاوەند ڕووبەرێکی بچوکی خاك و حەشاماتێکی زۆری دانیشتووانە , بەڵام لە کشتوکاڵدا پێداویستی خۆی لە برنج و**50** ٪ دانەوێڵە بەرهەم دەهێنێت . داهاتی تاکە کەس **28000** دۆلارە لە ساڵدا . ڕێژەی هەژاری سفرە . کشت و کاڵ **1,4**٪ بەرهەمی نەتەوەیی وڵات و پیشەسازی **30,95**٪ و خزمەتگوزاری **67,7**٪ دیاری دەکەن , بە گوێرەی ئاماری ساڵی **2001** .

ئەمەش دەربڕی ئاستی بەرزی گەشەی ئابوری و جێگیرییەتی , بەوەی خزمەتگوزاری بەشی شێر لە ئابوری وڵات دیاری دەکات بەمەش کەمتر دەکەوێتە بەر کاریگەری هەژانە ئابورییەکانی دەرەوە , چونکە بازاڕی ناوخۆیی مەزنی هەیە .

هێزی کاری **66,66** ملیۆنە , لەوانە **70**٪ لە کەرتی خزمەتگوزاری ,**25**٪ لە کەرتی پیشەسازی , **5**٪ لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن . بێکاری **4,3**٪ هێزی کاری ژاپۆنی پێك دەهێنێت بە گوێرەی مانگی ئۆگۆستی **2005**, کە لە یۆلی ڕابردودا ئەم ڕێژەیە **4,4**٪ بوو , ژمارەی بێکاران **2,84** ملیۆنە , کە **300** هەزاری کەمترە لە مانگی پێشوو , دیارە ئەم ڕێژەیە کەمترین ڕێژەیە لە ماوەی **27** ساڵی ڕابردودا , کە لە ساڵی **1988** گەیشتە **4,2**٪ ( **شرق الاوسط– 1–10–2005**) .

ژاپۆن ساڵانە **1,037** ترلیۆن **kwhz** وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت , پێداویستی وڵات **964,4**ملیارە , واتە بەرهەمی وزەی کارەبا زیادە لە پێوداویستی وڵات .

ناردەی شمەکی وڵات لە ساڵی **2003** دا گەیشتە **447** ملیار دۆلار , لەوە **28,85**٪ بۆ ئەمەریکا و **9,65**٪ بۆ چین , کۆریای باشور **6,9**٪, تایوان **6,3**٪ , هۆنگ کۆنگ **6**٪ .

هەرچی قەبارەی هاوردەیە کۆی نرخی گەیشتە **346,6** ملیار دۆلار . لەوە **18,3**٪ لە چینەوە , **17,4**٪ لە ئەمەریکاوە و ....... .

هاوکات خاوەند تۆڕێکی گەورەی ئامرازی پەیوەندیکردن و ڕێگاو بان و هێڵی ئاسمانی و بەندەرە بۆ بازرگانی و گواستنەوە و گەیاندن, بەشێوەی گشتی خاوەند ژێر خانێکی پێشکەوتویی ئابوری و تەکنەلۆژییە زۆر پێشکەوتوو مەزنە , لە زۆر بواردا لە ئاستی جیهانی یەکەمە , سەرباری بونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای فرەنەتەوەیی و بانکی گەورەو یەدەکی دراوی قورس بە بڕی زیاتر لە **800** ملیار دۆلار دیاری دەکرێت , کە بە پلەی یەکەم دێت لە ئاستی جیهانیدا. کۆمەکی دەرەوەی بۆ وڵاتە هەژارەکان **7** ملیار دۆلار زیاترە .

## پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆن



یەکێکە لە کۆی دەیان لایەنی مارکسی و کرێکارییەکان لە ژاپۆندا , کە لە خوارەوە لیستی ناوی بەشی زۆریان بلاو دەکەینەوە(**44** لایەن چەپی مارکیسیتی) , هاوکات گەورەترین و کاریگەرترینیشیانە .

لە بەرواری **15–7–1922** لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیستبدادی دیکتاتۆری مەلەکی دامەزراوە , هەر لەسەرەتاوە کەوتە بەر هێرشی گرتن و ڕاوەدونان و کوشتن . تاکە پارتی سیاسی بوو لە ژاپۆندا دژ بە جەنگی کۆریا و چین و تایوان و جەنگی جیهانی دووەم وەستایەوە و شەرمەزاری کرد , لەو کاتەی هەموو لایەنەکانی دیکەی ژاپۆنی , تێکەڵ بە جەنگ و تاوانە شەرمەزارییەکانی ژاپۆن بوون .

تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم , سەرجەم پارتەکانی دیکەی ژاپۆن لەگەڵ جەنگدا بوون , تەنها پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی نە بێت . هەموو ئەو پارتانەی دوایی جەنگی جیهانی دووەم سیاسەتەکانی ئەمەریکایان لە ژاپۆن جێبەجێ دەکرد و دەسەڵاتییان بە دەستەوە گرت , بەشداری جەنگییان کرد و چەپڵەیان بۆ تاوانەکانی سوپای ژاپۆنی لە چین و کۆریا لێ دا , ئەمەش ئەوپەڕی دورویی ئەو پارتانەی دەردەخست .

پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆن **400000** ئەندامی هەیە , لە زیاتر **24000** لك دا ڕێك خراون , **60**٪ ئەندامان لە تەمەنەکانی سی و چل و پەنجاکانن , سەرباری ژمارەیەکی زۆری دۆست . ڕۆژنامەی **Akahad** (ئاڵای سوور) ڕۆژانە دەرەکات , **1,7**ملیۆن خوێنەری هەیە و زیاتر لە **1** ملیۆن کڕیاری هەمیشەیی هەبووە تا تا ساڵی **2003** , هەر پارساڵ زیاتر لە **80000** ئابونمێنتی تازەی پەیدا کردووە , لە **10** شاری جیهانیدا پەیامنێری تایبەتی هەیە ((پەکین –هانۆی– نیودلهی– قاهیرە – لەندەن – پاریس – بەرلین – مۆسکۆ– واشنتۆن – مەکسیك)) .

حیزب زۆر بە گرنگییەوە هەوڵی پەیدا کردنی خوێنەر دەدات بۆ بڵاوکراوەکانی , لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەیەوە ئابوری حیزب دابین دەکات و ئەندامگیری و لایەنگر پەیدا دەکات , سیاسەتەکانی بڵاودەکاتەوە لە کۆمەڵدا .

سەرباری بوونیان لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیراندا , **400** ئەندامی هەڵبژێردراوی لە شارەوانییەکاندا هەیە, ڕێژەی بەشدارییان لە شارەوانییەکاندا زیاترە لە بەشدارییان لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران . لە کۆی گشتی شارەوانییە بنکەیەکانیشدا **3,733** ئەندامی هەیە , لە ساڵی **1995** بووە پارتی یەکەم .

ئێستا گەورەترین پارتی کۆمۆنیستە لە وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکاندا . ساڵی **2002** توانی **278** ملیۆن دۆلار بەکۆمەك و داهاتی ڕاگەیاندن کۆبکاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارت , لە هەمان ساڵدا خەرجی پارت **290** ملیۆن دۆلار بووە , کۆمەکی ساڵی **2001** لەمەش زیار بوو . تاکە پارتە لە ژاپۆن کۆمەك لە کۆمپانیای فرە ڕەگەزی و ڕێکخراوەکانی سڤیل و دەوڵەت وەرناگرێت , لەگەڵ ئەوەدایە دەوڵەت کۆمەکی پارتە سیاسییەکان ببڕێت. باوەڕی وایە هەر پارتێکی سیاسی لە سەرییەتی پێداویستی مادی خۆی دابین بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی , لە ڕوی ئابورییەوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت , نابێت پارتی سیاسی لەسەر داهاتی گەل بژێت . لە ساڵی **2002** دا ڕێژەی **84,4**٪ خەرجی پارتی لە داهاتی فرۆشتن و قازانجی بڵاوکراوەکانییەوە دابین کردووە .

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دژ بە داگیرکردنی ژاپۆن بوو لە لایەن ئەمەریکاوە, لەو کاتەوە بۆ ئێستا لە خەباتی نەپساوەدایە لە پێناو دەرکردنی سوپای ئەمەریکا لە ژاپۆن . لە هەمان کاتدا لە ساڵی **1950**دا داواکاری ستالین لە بەرپاکردنی خەباتی چەکداری ڕەتکردەوە , کاتێك ئەم داواکارییەیان ڕەتکردەوە پارت کەرت بوو بۆ دوو بەش , بەشێکیان داواکاری ستالینیان جێبەجێکرد تا لە ساڵی **1958** دا هەردوو باڵەکە یەکیان گرتەوە , پاش ئەوەی باڵی خەباتی چەکداری شکستی هێنا لەو شێوازە تێکۆشانە . لە ساڵی **1964** دا سۆڤییەتییەکان و لە ساڵی **1966** چینییەکان دەستیان خستە ناو کاروباری پارتەوە . لە ساڵی **1968** دژ بە دەستێوەردانی سۆڤییەت بوو لە براغ , لە **1979** دژ بە داگیرکردنی ئەفغانستان بە توندی وەستایەوە , بە فەرمیش بەیاننامەی دەرکرد , تەنانەت پارتە ئۆرۆکۆمۆنیستەکان جورئەتی دەرکردنی بەیاننامەیان نەکرد دژ بە داگیرکاری ئەفگانستان .

لە ململانێی هەردوو پارتی کۆمۆنیستی چین و سۆڤییەت لایەنگری لە هیچ لایەکیان نەکرد , بێلایەنی و سەربەخۆیی خۆی پاراست . کە سۆڤیەت هەڵوەشایەوە بەیاننامەی دەرکرد بەوەی مرۆڤایەتی لە ئیمپراتۆرییەکی ڕەش ڕزگاری بوو , کە سۆسیالزمی بەلا ڕێدا بردبوو .

پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆن بەرنامەی تێکۆشانی چڕو پڕی داڕشتووە بۆ چاکسازی دیموکراتی لە پێناو کۆتایی هێنان بە ژێر دەستەیی یابان لە لایەن ئەمەریکاوە , کە تا ئێستا نزیك **135** پایگای ئەمەریکی لە وڵاتدا ماوە , هەروەها کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کۆمپانیا گەورەکان , لە ژاپۆن بەشداری کۆمپانیاکان و دەزگا سەرمایەدارییەکان لە کۆی بیمە کۆمەڵایەتییەکان **50–80**٪ی وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەرەنسایە , ئەمە لە کاتێکدا لە بواری بانك و کۆمپانیا و بازاڕی سەهم و دراو ژاپۆن زۆر لە پێش ئەو وڵاتانەوەیە .

سەرباری بوونی بەرنامەی هەمەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری , کە خۆی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر کۆمپانیاو سەرمایەداران و بەشداری نەکردن لە جەنگەکانی دەرەوە دەبینێتەوە .

سەردانی گلکۆی یۆکۆسۆنی کە بە هێمای تاوان ناسراوە , بە تایبەتی کردنی کەرتی پۆست کە نرخەکەی بە **3** ترلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت , یەکێکی دیکە لە خاڵی ململانێکان بوون لەم هەڵبژاردنەدا , کە کۆمۆنیستەکان بەرەو ڕوی وەستانەوە .

زیادکردنی موچەی خانەنشینان , زیادکردنی باج لەسەر سەرمایەداران و کەمکردنەوەی باج لە سەر شمەکی کاربوردی ناوخۆ , پەیدا کردنی کار بۆ بێکاران , چارەسەرکردنی بە ئاشتیانەی کێشەی کۆریای باکوور بە گەرمی لە هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ کرا .

هەر هەڵبژاردن کۆتایی پیێ هات , سەرۆك وەزیران بڕیاری دا **33230** فەرمانبەری کەرتی دەوڵەتی کە دەکاتە **10**٪ هێزی کار بێکاربکات , **5549** بیان لە ساڵی **2006** و **27681** دیکەیان لە **4** ساڵی دواتردا , ئەم کەمکردنەوەیە هێزەکانی سوپا ناگرێتەوە **(یابان تخفض 32الف موضف خلال 5 سنوات – جزيرة نيت 4-10-2005).**

## دوا هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی

لە **13–9–2005** خولێکی نویێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام درا , لەم خولەدا کۆمۆنیستەکان توانییان **4,912** ملیۆن دەنگ لە دەنگدانی ڕێژەیی بۆ پارت وە **5,52** لە دەنگدانی بازنەیی بۆ پاڵیوراوەکانییان بەدەست بهێنێت . لەم هەڵبژاردنە بەهۆی بەشداری زیاتری ژاپۆنییەکان لە هەڵبژاردندا , هەرچەندە زیاتر لە نیو ملیۆن دەنگ زیاتری هێنایەوە , بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی کەمتر بوو لە چاو پارساڵەوە , لە **7,8**٪ وە دابەزی بۆ **7,26**٪.

لە تۆکیۆی پایتەخت ڕێژەی دەنگەکانی گەیشتە **8,85**٪ , لە **17** کورسی شار یەکی بردەوە . لە**470** ناوچەی هەڵبژاردن لە کۆی **480** پاڵێوراوی هەبووە , بەڵام هیچکام لە پاڵێوراوانی بازنەیی نەیان بردەوە .

## Population and number of registered voters:

- Population: 127,417,244 (July 2005 est.)
- Number of registered voters: 103,356,879

- Population: 127,214,499 (July 2003 estimate)
- Number of registered voters: 100,433,798 (Based on the 2000 parliamentary elections)

- Population: 126,919,288 (July 2000)

Number of registered voters: 100,492,328 (2000

11 یۆلی 2004 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیران لە ژاپۆن ئەنجامدرا , لەو هەڵبژاردنەدا پارتی کۆمۆنیست وەك پارت لە دەنگدانی ڕێژەیی 4,36ملیۆن دەنگی هێنایەوە کە دەکاتە 7,8٪ ی دەنگەکان بە زیادەی 33000 دەنگ لە ساڵی 2001 و کەمتر لە 220000 دەنگ لە ساڵی 2003 (4,58). بەشی دووەمی هەڵبژاردن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی خولگەییەوە ئەنجامە درێت , لەم بەشەدا 5,25ملیۆن دەنگی هێناوەیەوە . بە زیادەی 157000دەنگ لە ساڵی 2001 و کەمتر 680000 دەنگ لە ساڵی 2003

گرنگترین خاڵ لە بەرنامەکەیدا بووە کێشەی گفتوگۆ لە کۆمەڵدا و سانديکای خاوەند کارەکانی ترساند ئەویش باج لە سەر کەرەسە کاربردەکان لە هاوڵاتیانەوە بکرێتە سەر کۆمپانیاکان , واتە باجی کەرەسەی کاربرد , لە بری بەخشینی لە لایەن هاوڵاتییانەوە بخرێتە ئەستۆی کۆمپانیاکان , هەروەها دژ بە بڕیاری چاکسازی لە بواری یاسای خانەنشینی وەستایەوە . ئەوە شەڕی عێراق و ناردنی سوپا بۆ عێراق گۆڕەپانێکی کەی چالاکی سیاسیان بوو . لە پاڵ کۆمەڵێك داخوازی ئابوری کۆمەڵایەتی دیکە .

پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی , لە دوای جەنگی جیهانی دووەم , بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی کرد لە 10–4–1946 دا , توانی 3,8٪ دەنگەکان , لە 20–4–1947دا 3,7٪ , لە 1949دا 9,7٪ , لە ساڵی 1952 بەهۆی کەرتبونی پارتەوە بە ڕێنوێنی سۆڤییەت لە هەڵبژاردنی1–10–1952 تەنها 2,6٪ دەنگەکانی هێنایەوە .

ئەمەی خوارەوەش نەخشەی دەنگدانە لە دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانی ژاپۆندا .

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2003 دا 9 کورسی لە کۆی 480 کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا , ڕێژەی دەنگدانی بە دەست هاتووی کۆمۆنیستەکان 7,7٪ بوو.لە هەڵبژاردنی 23–7–1995دا 8 کورسی و لە 12–7–1998 دا 15 کورسی ئەنجومەنی پیرانی بەدەست هێنا , لەم هەڵبژاردنەدا واتە ساڵی 1998 پارتی کۆمۆنیست گەورەترین سەرکەوتنی لە مێژوی خۆیدا بەدەست هێنا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیراندا .هەرچی هەڵبژاردنی 25–6–2000 بوو پارتی کۆمۆنیست 20 کورسی پەرلەمانی هێنایەوە کە خولی پێشتر لە 20–10–1996 ژمارەی 26 کورسی هەبوو ,

لەم هەڵبژاردنەدا 13–9–2005 بۆ یەکەمجار لە کۆمەڵگەی پارێزگاری ژاپۆنیدا 43 ژن چوونە پەرلەمانەوە , لەوانە 26یان لە پارتی دەسەڵاتدارەوە بوو , کە دەکاتە ڕێژەی 9٪ , زۆر کەمتر لە ڕێژەی جیهانی 16٪ (د.عبداللة المدني - الاتحاد( اماراتي ) – عدد 11046 2-10-2005). بەڵام کۆمۆنیستەکان بەگوێرەی قەبارەی دەنگەکەیان یەکەمن لە ڕێژەی بەشداری ژن لە پەرلەمان و شارەوانییەکاندا .

***House of Representatives General Election Results (September 11)***

Parties Total Single-seat Proportional Seats won in
Constituencies representation 2003

| | کۆی ئەمجارە | بازنەیی | ڕێژەیی | 2003 |
|---|---|---|---|---|
| JCP | 9 | 0 | 9 | 9 |
| LDP | 296 | 219 | 77 | 237 |
| DPJ | 113 | 52 | 61 | 177 |
| Komei | 31 | 8 | 23 | 34 |
| SDP | 7 | 1 | 6 | 6 |
| PNP | 4 | 2 | 2 | - |
| Nippon | 1 | 0 | 1 | - |
| Other/Ind. | 19 | 18 | 1 | 17 |
| Total | 480 | 300 | 180 | 480 |

***Numbers of votes by political party (%)***

proportional representation single-seat constituencies

JCP 4,919,187 (7.3 ) 4,937,371 (7.3)
LDP 25,887,798 (38.2) 32,518,388 (47.8)

| | | |
|---|---|---|
| DPJ | 21,036,425 (3.4) | 24,804,784 (36.4) |
| Komei | 8,987,620 (13.3 ) | 981,105 (1.4) |
| SDP | 3,719,522 (5.5) | 996,007 (1.5) |
| PNP | 1,183,073 (1.7) | 432,679 (0.6) |
| Nippon | 1,643,506 (2.4) | 3,258,776 (4.8) |

Parties:
JCP = Japanese Communist Party
LDP = Liberal Democratic Party
Komei = Komei Party
DPJ = Democratic Party of Japan
SDP = Social Democratic Party
PNP = People's New Party (Founded immediately before the election)
Nippon = New Party Nippon (Founded immediately before the election)
Ind = Independents

Summary of seats

| Party | Prefectural | Proportional | From 2001 | Total | |
|---|---|---|---|---|---|
| Clean Government Party | 3 | 8 | 13 | 24 | +1 |
| Democratic Party | 31 | 19 | 29 | 79 | +12 |
| Japan Communist Party | - | 4 | 5 | 9 | -11 |
| Liberal Democratic Party | 34 | 15 | 65 | 114 | -1 |
| Social Democratic Party | - | 2 | 6 | 8 | 0 |
| Others | 5 | - | 8 | 12 | +4 |
| Total | 73 | 48 | 126 | 247 | |

Proportional seats

| Party | Votes | % | Seats | |
|---|---|---|---|---|
| Clean Government Party | 8,621,267 | 15.4 | 8 | +1 |
| Democratic Party | 21,138,032 | 37.8 | 19 | +5 |
| Japan Communist Party | 4,363,107 | 07.8 | 4 | -4 |
| Liberal Democratic Party | 16,797,684 | 30.0 | 15 | -2 |
| Social Democratic Party | 2,990,667 | 05.2 | 2 | |
| Others | 2,022,134 | 03.6 | - | |
| Total | 55,932,891 | | 48 | |

## مامەڵەی پارتەکانی دیکە  لە گەڵ پارتی کۆمۆنیست

پارتە سیاسییەکان هەموو کات سیاسەتی پەراوێزکردن لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکان  دەگرنە بەر , هیچ کات ئامادەیی پێك هێنانی هاوپەیمانییەتی هەڵبژاردن و حکومەتی لەگەڵدا ناکەن ,لە کاتێکدا دەبینیین لە ساڵی **1972** ژمارەی **38** کورسی لە پەرلەماندا هەبووە , دووەم پارتی ئۆپۆزسیۆن بووە لە پەرلەمان .

دوو پارتە گەورەکە لە هەوڵی ئەوەدان سستەمی سیاسی وڵات بە ڕێگای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئینگلتەرەدا , بەرەو سستەمی دوو پارتی بەرن . تا جێگەیەك بۆ نەفەسی دیکەو پارت و بیروباوەڕی دیکە لە کۆمەڵدا نەهێڵنەوە . لە شالاوەکانی هەڵبژاردندا کاری جدی بۆ ئەمە دەکەن , هەوڵی پەراوێزکردنی پارت و لایەنەکانی دیکە بە تایبەت پارتی کۆمۆنیست دەدەن .

لەم بوارەدا سستەمی هەڵبژاردن ڕێژەیی و خولگەیی تێکەڵە , **300** کورسی پەرلەمان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی بازنەیی و **180** لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی دیاری دەکرێت , لە یەکەمدا دەنگ بۆ تاك لە دووەمدا دەنگ بۆ پارت دەدرێت . کورسییەکانی پارتی کۆمۆنیست هەموو لە ئەنجامەکانی دەنگدانی ڕێژەییەوەن , لە بازنەییدا ا هەموو دەنگەکانییان دەدۆڕێنن , ئەگەر ئەم سیاسەتە بە پەراوێز کردنە نەبوایە , دەیانتوانی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانییان چەند بەرامبەر بکەن , لەڕێگەی هاوپەیمانییەتی دەنگدانەوە .

## ئەزمونێك لە پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنەوە

پارتی کۆمۆنیست ژاپۆن هەڵقولاوی واقعی تێکۆشانی ولاتەکەی خۆیەتی , لە سەرەتای دروست بوونییەوە سەربەخۆیی سیاسی خۆی پاراستووە لە بەرامبەر دەست تێوەردانی هاوڕێیانی دەرەوەی سنورەوە . ڕازی نەبووە لەو دیو سنورەکانەوە سیاسەتی بۆ دیاری بکرێت و سەربەخۆیی خۆی بە یارمەتی دارایی بگۆڕێتەوە , کاری بەبەغەیی بکات . هاوکات تێکەڵ بەو ململانێ سیاسییە نەبوو , کە لە نێوان باڵەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانییدا لە ئارادا بوو , کە ئەنجامەکەی بە تێکشکانی بزووتنەوەکە گەیشت . خۆی لە سیاسەتی چەپڕەوی منالانە پاراست . لە پەنجاکان و حەفتاکان دەیانەویست بیگلێننە خەباتی چەکدارییەوە . کە ئەنجامی هەردوو بزوتنەوەکەش هەرەس بوو . واقعی کۆمەلگەی ژاپۆنی تەزکییەی ئەو شێوازە خەباتەی نەکردووە . هەموو سیاسەتێکی داگیرکاری بە سەر گەلان و ولاتانەوە ڕەتکردۆتەوە , ئەگەر لە لایەن هاو ڕێبازەکانی خۆشییەوە بوبێت بە ناوی بەرژەوەندی بالای سۆسیالیزم تاوانباری کردووە , سازشی بە بیروباوەڕەکەیەوە لە بەرامبەر هیچ پالەپەستۆیەك , لە هیچ کات و ساتێکدا نەکردووە , سەربەخۆیی ئابورییەکەی کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەنگ ڕێژکردنی ئەم سیاسەتی سەربەخۆیە .

پێویستە ئێمەی یەکسانی خوازان ئەم پەندو ئەزمونانە لە خەبات و تێکۆشانی ئەم پارتە تێکۆشەرەوە هەڵێنجین:

- سەربەخۆی دارایی , هەولدان بۆ دابینکردنی دارایی بۆ بزووتنەوەکە .
- گەشەدان بە ڕاگەیاندن , بە تایبەت ڕۆژنامە , تۆڕی بەرینی هەوالنێری , لێکۆلینەوە لە ژیانی خەلك .
- سەربەخۆیی سیاسی , هەلوێستی نەترسانە لە ئاست ڕەخنەگرتن لە هەر هەڵەیەك ئەگەر لە نزیکترین هاوڕێبازانیشەوە بێت .
- چەپی پەڕگیر , کە لە هەندێك کات و ساتدا بە دروشمی قەبەو ڕەونەقەوە دێتە پێشەوە, بەلام لە ئەنجامدا کارەکەی بە کەرتکردنی دەنگدەرانی چەپ کۆتایی دێت . دروشم بازی و واتا پەرستی و خەو بینیینی نا ڕیالیستانە تەنها ئاکامەکەی پەراوێز بوونە .

هەڵبژاردنی ئەمجارەو پێشوو

## Results of the electoral race:

- **Party: Liberal Democratic Party (LDP) / *Jiyuminshuto***
  Leader: Junichiro KOIZUMI
  Seats won in this election: 296
  Seats won in last election: 237

- **Party: Democratic Party of Japan (DPJ) / *Minshuto***
  Leader: Katsuya OKADA
  Seats won in this election: 113
  Seats won in last election: 177

- **Party: New Clean Government Party / *New Komeito***
  Leader: Takenori KANZAKI
  Seats won in this election: 31
  Seats won in last election: 34

- **Party: Japan Communist Party (JCP) / *Nihon Kyosanto***
  Leader: Kazuo SHII
  Seats won in this election: 9
  Seats won in last election: 9

- **Party: Social Democratic Party of Japan (SDP) / *Shakai Minshuto***
  Leader: Mizuho FUKUSHIMA
  Seats won in this election: 7
  Seats won in last election: 6

- **Party: People's New Party / *Kokumin Shinto***
  Leader: Tamisuke WATANUKI
  Seats won in this election: 4
  Seats won in last election: NA

- **Party: New Party Japan / *Shinto Nippon***
  Leader: Yasuo TANAKA
  Seats won in this election: 1
  Seats won in last election: NA

- **Party: New Party, Big Land / *Shinto Daichi***
  Leader: Muneo SUZUKI
  Seats won in this election: 1
  Seats won in last election: NA

---

| **Sangi-in: 11 july 2004 and 29 july 2001** (56.4 %) | | **%** | **2004 121** | **Total 247** |
|---|---|---|---|---|
| **Democratic Party** | **Mt** | **37.8** | **50** | **79** |
| **Liberal Democratic Party** | **JMt** | **30.0** | **49** | **114** |
| **Clean Government Party** | **Kt** | **15.4** | **13** | **24** |
| **Japan Communist Party** | **NKt** | **7.8** | **4** | **9** |
| **Social Democratic Party** | **SMt** | **5.2** | **2** | **8** |
| **Others** | | **.** | **5** | **12** |

هێزە چەپەکانی ژاپۆن

| **PARTY** | | | **PERIODICALS** | **CONTACT** | **IDEOL.** | **INTERNAT.** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **Activist Policy Ideas Movement** | Katsudôka Shûdan Shisô Undô | Shisô Undô | Shisô Undô, Shakai-Hyôron | e-mail | com. | |
| **Anarchist Revolutionary Project** | | ARP | Senshi | e-mail | anar. | |
| **Anti-Capitalist Action** | | | | e-mail | anar. | |
| **Citizen Party** | Shimin no tô | | Shinsei | Tel. +81-3- | green | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 52753010 | | |
| **Communist Association - Future** | Kyôsanshugi Kyôgikai - Mirai | Com-Future / Komu-Mirai | Mirai | e-mail | rad. left. | |
| **Communist League (Battle Flag Faction) [Nishida Faction]** | Kyôsanshugisha Dômei (Senki-ha) [Nishida-ha] | Senki-ha | Senki, Dôshi | | rad. left. | |
| **Communist League (Fire Faction)** | Kyôsanshugi Dômei (Takibi-ha) | Takibi-ha | | e-mail | rad. left. | |
| **Communist League [Insurrection Faction / Saragi Faction]** | Kyôsanshugisha Dômei [Hôki-ha / Saragi-ha] | Hôki-ha | Akahoshi, Kyôsanshugi | | rad. left. | |
| **Communist League (National Committee) [Signal Fire Faction]** | Kyôsanshugisha Dômei (Zenkoku Iinkai) [Noroshi-ha] | Noroshi-ha | Noroshi | Tel. +81-6-3713706 | mao. | ICMLPO[M], ICS |
| **Communist League [Proletarian Battle Flag Editing Committee]** | Kyôsanshugisha Dômei [Puroretaria Senki Henshû Iinkai] | Purosen-ha | Puroretaria Senki | | rad. left. | |
| **Communist League Red Army Faction (Japan Committee)** | Kyôsanshugisha Dômei Sekigun-ha (Nihon Iinkai) | Sekigun Nihon-i-ha | | | rad. left. | |
| **Communist League (Spark)** | Kyôsanshugi Dômei (Hibana) | Hibana-ha | Hibana | e-mail | rad. left. | |
| **Communist League Tokyo Area Committee** | Kyôsanshugisha Dômei Shutoken Iinkai | Shutoken-i-ha | Kazeoyomu | | rad. left. | |
| **Communist Network** | Kyôsanshugi Netsuto Waku | Com-Net / Komu-Netsuto | Komu-Netsuto | e-mail | rad. left. | |
| **Congress of Establishing Communist Party** | Kyôsanshugisha no Kentô Kyôgikai | Kentôkyô / CECOP | Kentô | fax: +81-4-23346405 | rad. left. | |
| **Democratic Party of Japan** | Minshutô | | | e-mail | soc. dem. | close to SI |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **Democratic Unity League** | Minshu Tôitsu Dômei | Mintôitsudô | Minshu Tôitsu | e-mail | | |
| **Ecolo** | | | | e-mail | green | close to APGN |
| **Environmental Political Party Green Assembly** | Kankyosento Midori no Kaigi | | | e-mail | green | |
| **Fourth International Central Secretariat** | Dayon Intânashonaru Chûô Shokikyoku | | Dayon Intânashonaru | e-mail | tro. | |
| **Fourth International Japan Section Reconstruction Preparation Group** | Dayon Intânashonaru Nihon Shibu Saiken Jumbi Gurûpu | Dayon Intâ Saiken-ha | Intânashonaru, Rôdosha no Hata | e-mail | tro. | ex-USFI |
| **ing Network** | Ingu Netsutowaku | ing | ing | e-mail | | |
| **International Solidarity** | Kokusai Rentai | | Kokusai Rentai | e-mail | tro. | CWI |
| **Internationalism** | Kokusaishugi | | Kokusaishugi | e-mail | rad. left. | |
| **Japan Communist Party (Action Faction)** | Nihon Kyôsantô (Kôdô-ha) | Kôdô-ha | Akhahata, Jinmin Sensen no Hata no Motoni! | e-mail | mao. | |
| **Japan Communist Party (Left Faction)** | Nihon Kyôsantô (Saha) | Nikkyô Saha | Jinmin no Hoshi | | mao. | ex-Alb., ICS |
| **Japan Communist Party (Marxist-Leninist) National Council** | Nihon Kyôsantô (Marukusu-Reninshugisha) Zenkoku Kyôgikai | Nikyô MLshugisha Zenkokukyô | | | mao. | |
| **Japan Independence Association** | Jishu Nihon no kai | | | e-mail | | |
| **Japan Labor Party** | Nihon Rôdôtô | Rôdôtô | Rôdô Shimbun | e-mail | mao. | |
| **Japan Revolutionary Communist** | Nihon Kakumeiteki Kyôsanshugisha | JRCL | Kakehashi | e-mail | tro. | close to USFI |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **League** | Dômei | | | | | |
| **Japan Revolutionary Communist League, National Committee (Middle Core Faction)** | Kakumeiteki Kyôsanshugisha Dômei, Zenkoku Iinkai (Chûkakû-ha) | Chûkakû-ha | Zenshin!, Commune, Kyôsanshugisha | | tro. | |
| **Japan Revolutionary Communist League - Revolutionary Marxist Faction** | Nihon Kakumeiteki Kyôsanshugisha Dômei - Kakumeiteki Marukusushugi-ha | Kakumaru-ha | Kaihô, Shinseiki | e-mail | tro. | |
| **Japan Struggle League for the Liberation of the Working Class** | Nihon Rôdôsha Kaikyû Kaihô Tôsô Dômei | Jinmin no Chikara | Jinmin no Chikara | e-mail | rad. left. | |
| **Japanese Communist Party** | Nihon Kyôsantô | Nikkyô | Akhahata, Zenei | e-mail | com. | ex-WMR, ex-CI |
| **Japanese Red Army** | Nihon Sekigun | | | | rad. left. | |
| **Labour Cooperation Committee for a Conference Aiming at Change** | Hiyôgikaiteki Henkaku Notame no Kyôdô Iinkai | Fuenitsukusu G / Phoenix Group | Akebono Hikari | | | |
| **Marxist Comrades Group** | Marukusushugi Dôshikai | | Umi Tsubame, Storm-Petrel | e-mail | rad. left. | |
| **Mitsuhashi Green Party** | Mitsuhashi Midori no Tô | | Nihon Shinbun | | green | |
| **Movement for Democratic Socialism** | Marukusushugi Dôshikai | MDS | Weekly MDS | e-mail | left. soc. | |
| **National Council of Internationalist Workers** | Kokusaishugi Rôdôsha Zenkoku Kyôgikai | Zenkokukyô | Rôdôsha no Chikara | e-mail | tro. | close to USFI |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **National Conference of the Liberation Faction for the Establishment of the Revolutionary Workers Party - Workers' Opposition Faction)** | Kakumeiteki Rôdôshatô Kensetsu Omezasu Kaihô-ha Zenkoku Kyôgikai - Rôtai-ha | Kakurôkyô Rôtai-ha | Kaihô no Tsûshin | e-mail | rad. left. | |
| **National Conference aiming at the New Worker's Party** | Atarashii Rôdôshatô Omezasu Zenkoku Kyôgikai | Wakazu | Wakazu | e-mail | rad. left. | |
| **New Socialist Party** | Shin Shakaitô | | Shinshakai | e-mail | left. soc. | |
| **Okinawa Social Masses Party** | Okinawa Shakai Taishûtô | Shataitô | Shakai Taishû | e-mail | | |
| **Okinawa Socialist Libertarian Union** | | | | | | |
| **People - Group aiming at Self-Government, Solidarity, Ecology** | Jichi, Rentai, Ekoroji omezazu Gurûpu, Sôsei | Sôsei | Glocal / Gurokaru | e-mail | green left. | ex-USSR |
| **People's Revolution Party** | Jinmin Kakumei Tô | JinKakutô | Jinmin Kakumei | | | |
| **Rainbow and Greens** | Niji to Midori | | | e-mail | green | APGN |
| **Socialist Union (Preparation Group)** | Shakaishugi Renmei (Junbikai) | | Hiuku | | tro. | |
| **Revolutionary Workers Council (Liberation Faction)** | Kakumeiteki Rôdôsha Kyôkai (Kaihô-ha) | Kakurôkyô Kimoto-ha | Kaihô | | rad. left. | |
| **Revolutionary Workers' Council (Socialist Party Socialist Youth League Liberation Faction)** | Kakumeiteki Rôdôsha Kyôkai (Shakaitô Shaseidô Kaihô-ha) | Kakurôkyô Shigata-ha | Kaihô | | tro. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **Social Democratic Party** | Shakai Minshutô | Shamintô / SDP | Shakai Shinpô | e-mail | soc. dem. | SI |
| Progressive Reform Research Group | Shinpoto Kaikakuken Kyûkai | | | | left. soc. | |
| Socialist Association | Shakaishugi Kyôkai | Kyôkai-ha | Shakaishugi | fax: +81-3-32217897 | left. soc. | |
| **Socialist League / Front** | Shakaishugi Dômei / Furonto | | Senku | | rad. left. | |
| **Socialist Unity Party** | Shakaishugi Toitsûtô | Shatôitsutô | Shakaishugi no Hata | tel. +81-3-32392453 | | |
| **Spartacist - Japan Group** | Suparutashisuto - Nihon Gurûpu | | Suparutashisuto | | tro. | ICL |
| **The League** | BUND | BUND | Senki | e-mail | rad. left. | |
| **United Communist League** | Tôitsu Kyôsan Dômei | Tôitsukyôdô | Gendai Kakumei | | | |
| **Workers Communist Party** | Rôdôsha Kyôsantô | Rôkyôtô | Puroretaria | e-mail | ex-mao., rad. left. | |
| **Workers Network** | Wakazu Netsuto Waku | | Wakazu | e-mail | | |
| **Workers Socialist League** | Rôdôsha Shakaishugi Dômei | Rôshadô | Jinmin Shimpo, Kyôdô | fax: +81-3-32646351 | mao. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **Workers' Solidarity / Anarcho-Syndicalist Network** | Rôdôsho no Rentai | | | | anar. syn. | |
| **Workers Solidarity Movement** | Rôdôsho Rentai Undô | RRU | Anaruko-Sandeikasuto Jiyanaru | e-mail | left. com, ex-anar. syn. | ex-AIT |